ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قسەیەکی بکردایە سێ جار دووبارەی دەکردەوە هەتاوەکو خەڵکی لێی تێبگەن، وئەگەر بهاتایە بۆ لای کۆمەڵێک ئەوا سێ جار سەلامی لێیان دەکرد

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قسەیەکی بکردایە سێ جار دووبارەی دەکردەوە هەتاوەکو خەڵکی لێی تێبگەن، وئەگەر بهاتایە بۆ لای کۆمەڵێک ئەوا سێ جار سەلامی لێیان دەکرد».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قسەیەکی بکردایە سێ جار دووبارەی دەکردەوە هەتاوەکو کەسانی دەوروپشتی لێی تێبگات. (هەتاوەکو خەڵکی لێی تێبگەن)؛ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر دەوروپشتی تێبگەیشتنایە ئەوا دووبارەی نەدەکردەوە. بەڵام ئەگەر کەسێک لێی تێنەگات لە ڕوانگەی مانا یان گوێ گران بوون یان ژاوەژاو ئەوا لێرەدا سونەتە بۆی دووبارە بکرێتەوە هەتاوەکو تێدەگات، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بچووایە بۆ لای کۆمەڵێک سێ جار سەلامی لێدەکردن، واتا زیاتر لە سێ جار سەلامی نەدەکرد، سەلامی یەکەمی دەکرد ئەگەر وەڵامیان بدایەتەوە جارێکی تر سەلامی نەدەکرد، بەڵام ئەگەر وەڵامیان نەدایەتەوە ئەوا دوو جاری تر سەلامی دەکرد هەتاوەکو وەڵام دەدەنەوە، و بەهەمان شێوە لە ڕوخسەت وەرگرتندا سێ جار ڕوخسەتی وەردەگرت کاتێک بچووایە بۆ ماڵێک؛ واتا سێ جار لە دەرگای دەدا ئەگەر کەس وەڵامی نەدایەتەوە ماڵەکەی جێدەهێشت، ئەمە سونەتی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- کە سێ جار هەندێک لە شتەکانی دووبارە دەکردەوە بۆ ئەوەی مەبەستی جێبەجێ ببێت ئەگەر جێبەجێ نەبووایە ئەوا نەیدەکرد بە چوار جار.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3463